# خۆشەویستی نیشتمان وکاریگەریی شاعیرانی پێشەنگ لەسەر میرزا ئەحمەدی داواشی

## نموونە: خانا و مەولەوی

عەدالەت کەریمی

**کورتە:**

لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵمان داوە کاریگەری خانای قوبادی و مەولەوەی لەسەر میرزائەحمەد داواشی بخرێتە بەرباس لەبەرئەوە هەتا ئیستە هیچ لێکوڵینەوەیەکی لەم شێوە ئەنجام نەدراو،

شیعری نووسراوی کوردی هەر وەکوو شیعری هەموو میللەتان، لە سەرەتاوە بە شیعری کلاسیک دەستی پێ کردووە. ماوەیەکی دوورودرێژ، شۆڕەسواری ناو مەیدانی شیعر بووە و گەشتی خۆی کردووە. بەپێی سروشت و هەست و هۆشی شاعیر یان هەر وەکوو پەیڕەوی کردنی شیعری کلاسیکی گەلانی تر، هەروەها بەپێی پەیوەندیی بیروباوەڕ لە لایەک و نزیکایەتی زمان لە لایەکی دیکەوە؛ لێکچوونی بابەت و ناوەڕۆک لە بەرهەمی ئەدەبیی ئەم گەلانە دیار هاتووەتە ئاراوە. بەشێکی ئەو بەرهەمانە لەژێر کاریگەریی بووە و هەندێک شارەزا و ڕەوانبێژان توانیویانە بەرگ و پۆشتەیەکی کوردەواریی بە بەردا بکەن. ئەم کاریگەریی دانانە، لەناو خودی مێژووی ئەدەبی کوردیشدا هەیە. مێژووی ئەدەبی کوردی و ژانری شیعر لەسەر دەستی شاعیرانی پێشەنگ لەدایکبووە و گەشەی سەندووە و پەرەی پێ دراوە، کە نموونەی بەرزیان بابا تاهیری هەمەدانی، مەلا پەرێشان، مەلای جزیری، فەقێ تەیران، بێسارانی، خانای قوبادی، مەولەوی، نالی و دەیانی دیکە. ئەم شاعیرە داهێنەرانە چی لە ئاستی فۆرم و چی لە ئاستی ناوەڕۆکدا دەیان ئەزموونی جۆراوجۆری داهێنانیان بەرهەمهێنانەوە کە بوون بە قوتابخانەی فێربوون و سەرچاوەی ئیلهامی نووسین و داهێنان بۆ چەند نەوەیەک لە شاعیرانی دوای خۆیان. لەم وتارەدا کاریگەریی چەند شاعیری پێشەنگی کلاسیکی کوردیی لەسەر شیعری میرزا ئەحمەدی داواشی دەخەینە بەر باس. بەتایبەت خانای قوبادی و مەولەوی تاوگۆزی.

**کلیل واژە:** ئەحمەد داواشی خۆشەویستی نیشتمان سروشت وجوغرافیا پێشگویی خانانی قوبادی مەولەوی کورد

**میهن پرستی و تاثیر پذیری میرزا احمد داواشی از ازدوشاعر کرد خانای قوبادی ومولوی کرد**

چکیده: دراین  پژوهش سعی بر آن است که، تاثیر پذیری خانای قبادی ومولوی کورد را بر میرزا احمد دواشی مورد بحث قراردهیم. زیرا  تاکنون چینین پژوهشی در این زمینه انجام نگرفته است.

تاریخ شعرمکتوب کوردی همچون ساێرملت ها درابتد با ادبیات کلاسیک آغازشده وبرای مدت ها این سبک، یکه تاز میدان ادب وفرهنگ بوده است. براین اساس، توجه به گرایش، احساس وذهن شاعروتاسی ازشاعرسایرملت ها همچنبن قرابت افکاروزبان ارتباط محسوس بین شعر از نظر محتوا ومضمون درطول زمان شکل گرفته است.

بخشی ازاین آثارشعرای دیگر فرهنگ ها تاثیرپذیرفت وشاعران کورد بارویکرد وجهانبینی خود، این رابه سبک وسیاق خاص خودآراسته اند.  فاصله این اثرگذاری درمقابل تاثیرپذیری دربین شاعران کورد نیزمشهوداست. تاریخ ادبیات کوردی و سبک شعرآن، باید طولای شاعران پشیرو، غنایافته وبار معنایی گسترده تری پیدا کرده است.

از نمونه های برجسته می توان به باباطاهر عریان، ملا پریشان، ملای جزیری، فقی طیران، بیسارانی، خانای قوبادی، مولوی کورد،نالی و...اشاره کرد

این شاعران خلاق ومبتکر ازنظرمفهوم وشکل ساختاری، دەها اثرفاخررا بر دستاورد های ادبیات کوردی افزوده اند که، هریک  به مکتبی برای فراگیرادبی ومنبع الهام برای شاعران پس ازخود مبدل شدند. دراین مقاله، تاثیرگذاری دوشاعرپشیرو ادبیات کلاسیک کوردی بر شعرمیرزا احمد داواشی واکاوی و به روش توصیفی-کتابحانه ای بڕرسی گردیده است

**The influence of Mirza Ahmad Dawashi on the poets before him as an example of QobadiandMaulvi.**

**Abstract:**

Our main research is to discuss the influence of the Khanay Ghobadi and the Kurdish Mawlawi on Mirza Ahmad Dawashi. researchers have not done research in this area.

The history of Kurdish written poetry, like other nations, first started with classical literature, and for a long time this style has been at the forefront of literature and culture. Therefore, paying attention to the tendency, feeling and mind of the poet and the poet of other nations, as well as the affinity of thoughts and language of communication. The feeling between the poem in terms of content and theme has been formed over time. Some of these works have been influenced by poets of other cultures, and Kurdish poets have embellished it in their own unique style and style with their unique approach. The history of Kurdish literature and its style of poetry must have been enriched and enriched by the leading poets and gained a wider meaning. Among the outstanding examples, we can mention Baba Taher Arian, Mullah Parshan, Mullah Jaziri, Faqi Tayran, Bisarani, Khanai Qubadi, Meh Waleh We Kurd, Nali etc. These creative and innovative poets, in terms of concept and structural form, have added dozens of great works to the achievements of Kurdish literature, each of which became a school for literary scholars and a source of inspiration for poets after them. In this article, we will analyze the influence of two leading poets of classical Kurdish literature on the poetry of Mirza Ahmad Dawashi.

## پێشەکی:

### میرزا ئەحمەدی داواشی:

میرزا ئەحمەد داواشی کوڕی محەممەد لەنێوان ساڵانی (١٢٨٤ بۆ ١٣٩٥) کۆچی هەتاوی ژیاوە. لە شاری ڕوانسەر سەر بە پارێزگای کرماشان هاتووەتە دونیاوە. هەر بە منداڵی نراوەتە بەر خوێندن و وەکوو فەقێ لە مەکتەبی گوندی تەم تەم سەر بە شاری ڕوانسەر وانەی فەقێیەتی تەواو کردووە. میرزا ئەحمەد هەر بە منداڵی بەهۆی کار و پیشەی باوکییەوە کە لە خزمەت حاکمان و دەسەڵاتدارانی ئەردەڵاندا بووە، لەگەڵ کەسایەتیی سیاسی و لە مەکتەبی تەم تەمیش دا لەگەڵ کەسایەتییە گەورەکانی ئەو ناوچەیە و شاعیران و نووسەراندا هاوقسە بووە و هەر کام کاریگەری خۆیان لە سەر کەسایەتیی میرزا ئەحمەد داناوە. میرزا ئەحمەدی داواشی یەکێکە لە شاعیرانی سەد ساڵی ڕابردوو، کە لە فۆرمدا پەیڕەوی لە شێوازی کلاسیکی ئەدەبی کوردیی گۆران کردوە کە بە هەر دوو زاری گۆرانی و سۆرانی شیعری هۆنیوەتەوە. جگە لە ئاگاداری لە شیعری کوردی،کە زوانی دایکی بووە میرزا وا دیارە ئاگاداری نووسین و شیعری شاعیرانی فارس پێش خۆی و سەردەمی خۆی هەبووەو هەوڵی دەستخستنی نووسین و دیوانەکانی داون و کەڵکی لێ وەرگرتوون. هەروەها جگە لە زمانی کوردی کە زمانی دایکی بووە، ئاشنا و شارەزایی لەگەڵ زمانەکانی فارسی و عەرەبی هەبووە. بەپێی ئەو بەڵگە شیعرییانەی لە دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەون و بە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە شیعرەکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کەسایەتییەکی خاوەن هزر و ئاکار. زۆر بابەتی فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و نەتەوەیی و پەروەردەیی بووە کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.لەنامەشێعریەکانیدا کە لەگەڵ سەید تاهێری هاشمی و مەلاموحێدینی ساڵحی،شێخ موحەمەد سەعیدی نەقشبەندی گۆڕیوەتەوە ئاستی گەورەیی میرزائەحمەدمان بۆ دەردەکەوێت لە شێعروئەدەبدا،بۆدڵنیابوونی خوێنەر چەند بەێت شێعر لە بلیمەتی مێژووی ئەدەبی کوردستان مامۆستا سەید تاهێری هاشمی لەسەر گەورەیی میرزائەحمەدداواشی ئیشارە پێ دەکەین ئاستی بەرزی ئەم شاعێرە لە ڕوانگەی سەید تاهێرەوە لەم چەند کەڵەشاعێرەی پەس وپێشی داواشی و ئەدەبی گۆران بەرزترە،

پڕجە نۆشەکەت، پڕجەنۆشەکەت

ئەحمەد نامەکەی پڕ جە نۆشەکەت

نەتیجەی سەهبای تازە جۆشەکەت

ڕەشحەی  خامەکەی مەی فرۆشەکەت

مەزمونش غارەت دەێرو هۆشەکەم

یانیهای مەتلەع سیا پۆشەکەم

یاواو خاس وانام یەک یەک فەردەکەت

فەردەکەی شیرین گشت بێ گەردەکەت

دیم ئەراوای زومرەی شیرین گوفتاران

نامی دانایان ڕووی ڕۆزگاران

وێنەی مامۆسای بێساران مەنزڵ

هەم ترکە و حەیدەر خانای داحڵ نەدڵ

شاکەی وەش مەزموونچەنی مەنسوورخان

ئەڵماس پڕ شەوق شەفی نوکتەزان

مەڵاکەی گۆران یاقوویی سوخەن سەنج

مەهجووری دڵ تەنگ وێسووی مایە ڕەنج

قادر و بوڵبوڵ مەڵکەی مەینەت کێش

داخی و داخ نە جەرگ سەیدی دەروون ڕێش

مەڵاکەی کڵاش دێوانەی پەروەی

یانە جە شۆڵەی شەمان چەپەن نەی

کۆماسی ومەحزوون، شێخ سازانی

حەیب وسەلیم فەهیم و فانی

لەکۆتایدا ئەڵێت

بەڵام جەئاداب عەشق مەجازی

نەکەردەن چون تۆ سوخەن پەردازی

حەقەن جەم بەستەن جەگەردین لاوە

دڵ بە ئافەرین لێو بە سەناوە

بەڵێ هەی دەروون گەنجینەی ڕازان

دڵ نیشانەی  تیر ناوەک ئەندازان

بۆ وەگیان وێم هەم وە مەرگ وێت

قەبووڵ کەر چەنیم چێوێ  ماچوون پێت

حەیفەن ئێ گەردین دوڕو مەرجانە

ئەڵماس ویاقووت مرواری ودانە

نیمی  نە مەخزەن  سینە مەدفوونەن

نیمی تر کەفتەی سارای هاموونەن

پەی ئی خەزانەی خەمان پڕوازە

سەندووقی نەچۆی مۆبەت بسازە

تا ئەرگیان  تەسلیم دەور ساقی بۆ

نامت نەسە فحەی  دەووران باقی بۆ

**ئەزموونەکانی شیعر و داهێنان:**

پرۆسەی داهێنان و ئەزموونی شیعری لە چوار ئاستدا دیواری دەکرێت. یەکەم: شاعیر خۆی داهێنەرە و بە دوور لە ژێر کاریگەریی شاعیرێکی دیکە، دەقی نووسیوەتەوە. دووەم: شاعیر لەژێر کاریگەریی شاعیرێکی دیکەدایە بەڵام دەتوانێت جیاواز بێت و تایبەتمەندیی خۆی بە دەقەکە ببەخشێت. سێیەم: شاعیر لەژێر کاریگەریی شاعیرێکی دیکەدایە بەڵام دەتوانێت تازەگەریی لە بابەت و فۆرمدا بکات. چوارەم: شاعیر لەناو بازنەی لاساییکردنەوەی یەکێک لە سێ ئەزموونەکەی پێشوودایە.

شاعیرانی کورد، بەدەر نین لەم چوار ئەزموونە. ئەگەر لەسەر ئەزموونی شیعری ستوونی بە زمانی کوردیی ناوەندیدا پاس دانی بکەین، دەتوانین بڵێین: ئەزموونی نالی داهێنەرانەیە و ئەزموونی مەحوی جوداخوازانەیە لە نالی و ئەزموونی گۆران نوێگەرییە لە هەر دوو شاعیر و ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی ئەو سەردەمانەدا لە ناو بازنەی لاساییکردنەوەی باوی ئەزموونەکانی ئەم سێ شاعیرانەن.

**کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی لەسەر شیعری میرزا ئەحمەد:**

شاعیرانی کورد وەکوو شاعیرانی هەموو نەتەوەیەکی تر، لە هەڵبەستەکانیاندا بە زۆری پەیڕەویی شیعری شاعیرانی بەر لە خۆیانیان دەکرد، بەهۆی ئەوەی کە شوێنی خوێندن و فێربوون لە وڵاتی کوردەواریدا بریتی بووە لە حوجرە و کونجی مزگەوتەکان، لەبەر ئەوە بە تایبەت شاعیرەکانی کورد ئەوسا یان مەلا و فەقێ بوون، یان پەیوەندییەکی بەهێزیان بووە لەگەڵ مەلا و و فەقێ و هاتووچۆکەرانی مزگەوتدا. (سەرجەمی بەرهەم محەممەد ڕەسووڵ هاوار سلێمان ٢٠٠٨ل ١٠٦) سەبارەت بە میرزا ئەحمەدی داواشی دەتوانین بڵێین دوا بەرەی شاعیری کلاسیک و حوجرەکانە جگە لەداهێنانی خۆی پەیڕەوی شاعیرانی پێش خۆی کردووە ڕێگەی حوجرە و مزگەوتەکانەوە لەبەر ئەوە هەر بە منداڵی لە حوجرەکاندا نراوەتە بەر خوێندن و تا کۆچیی دوایی دەکات، لە نەهجی ئەو پەروەردەیە دەرناچێت.

ئەوەی دیارە ئەوەیە، کە هەر مەکتەبێک لەسەر مەکتەبەکانی پێش خۆی دانراوە. بەڵام ئەو شتەی گرنگە، ئەوەیە کە هەر مەکتەبێکی تازە کە هاتووە؛ میراتی هونەری و ئەدەبی و مەکتەبەکەی پێش خۆی ئاوێتەی ڕوانگەیەکی تازە کردووە و لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی خۆیدا کەڵکی لێ وەرگرتوون. کاتێک باس لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە زاری گۆرانی لەم دەڤەرەدا دەکەین، جگە لە شاعیرانی لەک و لوڕ خێرا خانای قوبادی و مەولەوی تاوگۆزی و چەند کەسێکی ترمان بە خەیاڵدا دێ. ئەمە جگە لە نالی و مەحوی و حاجی قادری کۆیی و...کە بە زاری سۆرانی شیعریان نووسیوە و بە دڵنیایەوە هەر کام لەم بلیمەتانە لە ڕێگەی ئەوی تریانەوە ئاگاداری شیعر و نووسین و بیروباوەڕی یەکتر بوون. میرزا ئەحمەدی داواشیش وەک لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت قوتابی قوتابخانەی ئەو کەڵە شاعیرانە بووە. بەتایبەتی خانای قوبادی و مەولەوی.ئاشنایی لەسەر شێعرەکانی عێل بەگی

جافیش هەبووە، نمونەی کاریگەری وڕەنگدانەوەکانیان لەشێعرەکانی میرزائەحمددا دەخەینەڕوو، نمونەی یەکەم خانای قوبادی نمونەی دووم مەولەوی و نمونەی سێوم کورتەیەک لەعێل بەگی جاف،

**کاریگەریی خانای قوبادی:**

خانای قوبادی (١٧٠٠ - ١٧٧٢ز) جافی جوانڕۆیە نەوەی قوباد خانی گەورەیە حاکمی دەڕنەودەرەتنگ لەدۆلی دەر سەربەناوچەی سەلاس وباوەجانی ئیستە باوباپیرانی حاکم دەسەلات دار بوون،خانا یەکێک لەفیلەسۆف و شاعیرە گەورەکانی سەدەی هەژدەهەم ی کورد، شارەزایەکی تەواوی لە زوانەکانی عەرەبی وفارسیدا هەبووە خانادەستێکی باڵای لە هۆنینەوەی شێعروبەتایبەت وەگێڕاندا هەبووە بەتایبەتتروەرگێڕانەکانی نیزامی گەنجەوەی هەرچەند تائەم چەند دە ساڵەی لێراوبەر بەرهەمەکانی وەک مەکتوبات بەردەست نەبوون هەرلە بنمیچی ماڵن و مێحراب تاقچەی مزگەوتەکاندا بەپرشوبەڵاوی تەپو تۆزیان لەسەرنیشت بوو کەبەزەحمەتی سەید تا هێری هاشمی مامۆستا عەبدولکەریم مودرس بەشکیکەم لەبەرهەمەکانی لەچاپ دران وکەوتنە سەرکتابخانەی کوردی بەڵام زۆرێک لەشێعرەکانی لەناوچەی جوانڕۆ جگەلەهەندێک خوێنەوار بەبێ نانسینی خاوەنەکەی لەسەرزاری خەڵک دەوترانەوە دووم هۆکاردوای حوجرە بووە کە میرزائەحمەد داواشی ئاکاداری شێرو نووسینەکانی بێت وەک قوتابخانەیەک بەهەرەیان لێ بگرێت بۆ شێعرو نووسین خانا وەک قوتابخانەیەک کاریگەریی لە سەر زۆر شاعیری سەردەمی خۆی و دوای خۆی داناوە. ئەم کاریگەرییە بەسەر دیوانی میرزا ئەحمەدیشەوە زۆر پڕ ڕەنگە کە خۆی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێ دەکات کە قوتابیی قوتابخانە شیعرییەکەی خانا بووە. چی لە شیعرە ئایینییەکانی وەک حەوت تەرجیعبەند و میعراج و حەماسی و عاشقانەکانی وەک شیرین و فەرهاد شیعرە نەتەوەییەکانیدا، کاریگەری لەسەر داناون و ئیلهامی لێ وەرگرتوون.

نمونەی یەکەم:

میرزائەحمەد داواشی لە شیعری شیرین و فەرهاددا ئیلهامی لە شیعری شیرین و فەرهادی خانای قوبادی وەرگرتووە.بەپێی شێعرەکانی میرزائەحمەد داواشی بێت، خانا بەهەرهۆکارێکەوە بوویێت، ئەم بەشەی لەداستانی شیرین وفەرهاد کە لەسەرزاری دانیشتووانی ناوچەی کرماشان بەگشتی بووە و هێشتا لەسەرزارانەو دەوترێتەوە لەشیرین وفەرهادەکەدا تەواوی نەکردووە یا نەی هێناوەو لەقەڵەمی خستووە بۆیە داواشی وەک چۆن خانا لەم بەیتە شێعرەکەی

ڕاستەن مەواچان فارسی شەرەکەرەن

کوردی جەفارسی بەڵ شیرینتەرەن

ڕەخنە نیزامی دەگرێت کە زوانی دایکی کوردی بووەو ئەم داستاناەنە ڕیشەیان کوردیەو لەسەرزاری خەڵک بووەو لەسەردەستی نیزامی کراونەتە فارسی فەرزی زوانی فارسی داوەتە سەر زوانی کوردیا لەبەرئەوەی کورد وزوانی کوردی خاوەنی دەوڵەت وکیانی خۆی نییە میرزا ئەحمەد داواشیش ڕەخنە لە خانا دەگرێت کە بۆچی ئەوبەشە لەشێعری شیرن وفەرهاد کە لەسەرزای کوردان و لەناوچەکە هەیەو هەروەک خۆی ماوەتەوە تەواوی نەکردوە یا نی هێناوەو لەقەڵەمی حستووە؟ئەم واتە میرزائەحمەد داواشی ئەوبەشەی لەشێعری شیرین وفەرهادەکە کەلەقەڵەم کەوتووە یاناتەواوەو نەهێنراوە لای خانا بەزوانی کوردی تەواوی دەکات بۆئەوەی لەبیر نەچێتەوەبمێنێتەوە،میرزائەحمەد لە دەست پێکی شێعرەکەدا ئاوا دەست پێ دەکات ئیلهام لە ئەوبەیتە شێعرەی حانا کەلە خەسەرەو شیرینەکەدا هەیە دەگرێت،

میررزا ئەحمەد:

ئەحمەد چون خانای خاس خەیاڵ خامە

ئینشا کەرد بەی تەور ئی نامەی نامە

خانا:

ئەورۆ کە نامەی عەنبەر شەمامە

وەش بۆ کەرد جە موشک ئینشای ئەی نامە

عەزیز ئەلقەدی ئەر چون نزامی

بپەرسۆ ئەحواڵ ئەی نامەی نامی

ئەمە یانی ئەوە کە میرزائەحمەد داواشی جگە لەوەی کە ئاگاداری شیعر و نووسینەکانی شاعیرانی فارس وکوردی پێش خۆی و سەردەمی خۆی بووە بەتایبەت خانا و مەولەوی و کۆماسی وبێسارانی وسەیدیو شاکەوخان مەنسوور ئەیوانی لەشاعێرانی سەرەدەمی خۆی سەید تاهێری هاشمی، مەلاموحێدینی ساڵحی،سەیفلای یەعقوبی...بووە،حەتا نامەشێعری لەگەڵ سەید تاهێری هاشمی،مەڵاموحێدین ساڵحی، شاعێر سیف الله یەعقوبی گۆڕیوەتەوەو بە باشیش ئاگاداری بەشی ئەدەبی فۆلکلۆر بووە، کەمیراتی نەتەوەیی ئێمەیەو هەتا بڵێی بەشێکی ئێجگار بە نرخی ئەدەبیاتی کوردییە و لە هەندێک قۆناخدا دەگاتە پلەی وێژەی گەلە پێشکەوتووەکان، وەک داستانە حەماسی و عاشقانە و ئەخلاقی و عیرفانییەکان کە ڕۆح و جموجۆڵو هەڵسوکەوتی میلەتەکەی تیاندا

دیارەو ئاشکرایە، بەشێوەیەکی هونەرمەندانەو داهێنەرانە بەکاریهێناون کردونی بەناوەڕۆکی هەندێک لەشێعرەکانی کەدیاردەیەکی جوان وکارەمەیەلەشێعردا،گەڕانەوە بەرەو کەلەپوورو سامانی نەتەوایەتی ودەست بژارکردنیان لەشێعردا شتێکی زۆر بەجێ یە،ئەوەئاستی شارەزایی شاعیر دەردەخات بەتایبەت شاعیرێکی وەک میرزائەحمەد داواشی لە مێژوو کەلەپوور وزمان ئەدەبی نەتەوەکەیدا بەگشتی، کە بەباشترین شێوە سوودی لێ وەگرتون وبەرۆح نە فەسێکی هاوچەرخی سەرکەوتوو مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، کردوونی بەرەمزێکی نوێ بەحاڵەتێکی نوێ بەشێوەیەکی جوان مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، بەداڕشتنێکی نوێ ،وبۆچوونێکی تازەوە کردوونی بەکەرەستەی شێعرەکانی نمونەیەک لە بەشێکی زۆر لەوچەشنە شێعرەی میرزائەحمەد داواشی لەخوارەوە دەخەینە ڕوو.

ئەگەر چاوێک لەم چەند بەیتە شێعرەی میرزائەحمەد داواشی بکەین لە شێعری بەرزە چناریّ ئیلهام گرتەی هەمان شێعری سەنەم گۆڵە کە داستانە شێعرێکی ئاشقای فلکلووری کوردیی ناوچەی ئیلام وکرماشانەو و لە ناوچە جاف نشینەکانیش باسی دەکرێت.سەنەم گوڵ کچەشۆخو شەنگێک کە خاوەن چەند براو باوانە هاتوەتە لەسەرکانی کونە دەگۆزێت کوڕێک بەهەڵکەوت سواری ئەسپێکەو ڕێگەی دەکەوێتە سەرکانیەوە، سەنەم گوڵ دەبینێو دڵی سەد دڵ عاشقی دەبێت داوای جامێ ئاو لەسەنم گوڵ دەکات، بەدەم قسەوە ئەیدوێنێ سەنەم گوڵیش وەڵامی ئەداتەوە پێی ئەڵێت کە ئەگەر زیادە ڕەوی لەقسەکانی بکات ئەوە بانگ لەبەروباوانی دەکات بەشێوەی عورف وعادەتی ئەوسەردەمە وەڵامی بدەنەوە

ئەوسەرسەراوی ئەوسەرسەراوی

یەی ڕووژ ڕاگەم کەفت ئەوسەرسەراوێ

دیم کە نیشتگە تەرکە تەراوێ

کونە پڕ مەکەی باوان خراوێ

کونە پڕ مەکەی لە دەلیای بێ پەی

پەنجە چوون شمشاڵ قامەت وێنەی نەی

من دڵ لە گیان نام سڵامی کردم

باڵ جاوی هێزدا من گیان سپەردم

وتم:تکێ ئاو بەی پیم وە دەس جامت

سامت چینییەو نێزانم نامت

وات: تکێ ئاودەم  پێت وە دیدەو وە دڵ

جامم چینیێەو ناوم سەنەم گوڵ

وتم سەنەم گوڵ بەختم لە بەختت

ئاسمان بەرز زەمین سەختت

تن مەرگ برات تن گیان کوڕت

کەرەمکە ماچێ لە گۆنای دڕت

وتم وە مەرگ برام وگیان کوڕم

قسەی زوور بکەی من سکت دڕم

وتم: سەنەم گوڵ  دەم نقڵ نەوات

من وە بی موراد چۆ بچم لە لات

کەسی پەڕەی گوڵ وەلام نەوەردەن

وت: هەزار جوور تۆ وەی داخە  مەردەن

کەسێ پەڕێ گوڵ لە لام نەوەردەن

وت: خەوەر گەر بییەم بەر وەباوانم

پارە پارەت کەن لە وەر داوانم

وتم نووڕت کەم پەی  ماڵ باوانت

تابووە ئاگر و بڕشیە داوانت

وتم; شوون باوانت  وە چەپەی نەی بوو

ئاگربچو لێ شەماڵ لەپەی بوو

ماڵ باوانت هەزار هەزار بوو

هەر ڕووژی یەکێ ڕوو وە مەزربوو

وات: ئڕا چوە مەکەی نووڕ باوانم

شایت ڕۆژی دەسبگری گوشەیم داوانم

میرزائەحمەددواواشی ئەڵێت،

بەرزە جنارێ، بەرزە جنارێ

لە بەرزە هادیم بەرزە چنارێ

سییمای سیمین تەن، سیمین عوزارێ

گوڵی وا نەویەن، لەهیچ گوڵزارێ

نازک نازار، قەمەر تەلعەتێ

شەۆەر گفتارو شیرین لوعبەتێ

بامار گیسوووش، مەشغوڵ بازیش بی

چون تورکان نە تەرک، تیرەنازیش بی

لەگیان ویەردم، هەواڵ لێش پەرسام

لەتیرە نازی تورکان نەتەرسام

بەوێنەی مەجنوون، لەغەم کەیلەوە

تەک دا وە لای، لەیل وە مەیلەوە

وتم: ئەی سەوزەی سەفای سەرکانی

ڕەشتەی لەقای حەق، حەیی سوبحانی

نەشەم کەر وەشەهد شیرەی کەلامت

بفەرما چێشەن سوورەت ونامت؟

وات: نامم  قەمەر نازکێش نازم

باز شکار کەرۆ دیدەی شابازم

 ئێمەناڵێن که شاعیر بێت ئەو داستان وئەفسانەوحەکایەتانە وەکوو چۆن خۆیانن زیندویان بکاتەوە بەڵام مەسەلەی داهێنان وبەرەوپێشەو چوونی  لە دوێنێوە دەست پێ دەکات  کە بەرەوپێشەوە چووە و بووتە ئەمڕۆ و بەردەوامە  لە ڕویشتن ئەبێتە سبەی، و بنیانی مەکتەبو شێعرێکی تری لەسەرردادەنرێت، هەروەها کەلەسەرەوە ئیشارەمان پێ کرد هەرمەکتەبێک لەسەرمەکەتی پێشو دادەمەرزێت ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هەرمەکتەبێک تازە کەهاتووە، میراتی هونەری وئەدەبی ومەکەتەبەکەی پێش خۆی ئاوێتەی ڕوانگەیەکی تازە کردووەەو لە چوارچێوەی تایبەتمەندییێەکانی خۆیدا کەڵکی لێ وەرگرتوون،دیسان دێنەوە سەر شێعرەناتەواوەکەی خانای قوبادی تەواو کردنی لەلای میرزئەحمەد داواشیەوە

 ئەو بەشەی لە شێعری شیرین و فەرهاد کە ئەحمەد داواشی بە ناتەواوی دەزانێت، گوایە فەرهاد ڕەقیبی خەسرەو دەبێت خەسرەو دەسەڵات دارەو هالە فیتراخدا کە بەهەرشێوەیەک بێت فەرهاد لەناوبوات پیرەژنێ بەوکارە دائەسپێرێ  پیرەژنەکە فەرهادکوژە، فەرهاد دەکوژێت. پیرەژنە بە خەسرەو دەڵێت من  دەچم بۆ لای فەرهاد و کارێک دەکەم خۆی بکوژێت، پیرەژن  پیلانەکەی خۆی وا دادەڕێژێت کە من دەچم، بۆ پای بێستوون بۆلای فەرهاد چاوتان لەمن بێت نزیکی تاقی فەرهاد بووەمە ئێوە نیوەڕۆ ڕان و گایەل هاتنەوە پەچە سارەمیان بکەن کە دەنگی سارەمای گاو گوێرە و مێ و بەرخ و بزنە کار و ژن و پیاو تێکەڵ بوون، ژن پیاو مناڵ وگەورە بێن وبچن بەیەکدا گورێی ڕان و بەرگەل گاوگوێرەکە بکەن،فەرهادلەمن دەپرسێت ئەو قاڵە قاڵ وهەراهەرا چییە لەناوئاواییدا منیش ئەڵێم شیرین خۆی کوشتووە بەمەش فەرهاد بەرگەی مەرگی شیرین ناگرێت خۆی دەکۆژێت، ئەم کارە لە ناو ئاواییدا هەربەوجۆر ڕوو ئەدات کە پێلانەکەیان بۆ دانرابوو. لەوکاتەدا پیرەژن نزیکی تاقی فەرهاد دەبێتەوە ژن،ومنداڵ گەورەوبچوک تێن بەیەکداو دەچن قاڕەی مێ  وبزن نۆڵەی گاوکوێرو کاروبەرخ  دەنگی قاڵە قاڵی ئاوایی بەرزدەبێتەوە فەرهاد دا ئەچڵەکێت  دەبینێت پیرژنێک دێ بۆلای دێتە پیری پیرەژنەکەوە و لێی نزیک دەبێتەوە وپرسیاری لێ دەکات دەڵێت ئەو ئەو قاڵە و هەرایەی نائاوایی چییە؟ پیر ژن دەڵێت شیرین خۆی کوشتووە. فەرهاد بەرگەی ئەو هەواڵە ناخۆشە ناگرێت و قوڵنگێکی سەد مەنی بە دەستییەوەیە و هەڵی دەکاتە ئاسمان بە سەری خۆیدا دەکێشێت و دەڵێت:

قوڵنگەی سەدمەنی هامڕازی چۆڵم

بێرە خوارەوە دەکە کاپۆڵم

قوڵنگە دێتە خوارەوە و لە کەللەی سەری فەرهاد دەدات و دەیکات بە دوو شەقەوە. پیرە ژن هەواڵیش دەبات بۆ شیرین کە فەرهاد خۆی کوشتووە.چۆنیەتی داستانەکە لەشێعری ئەحمەد داواشیدا

ئەحمەد داواشی.

ئەحمەد چون خانای خاس خەیاڵ خامە

ئینشا کەرد بەی تەور، ئی نامی نمە

شنەفتش شیرین باڵا زەڕ ستوون

ستوون کرد قامەت، لە پشت گوڵگوون

بە شین و شیوەن بە داد و بیداد

داد مەکەرد مەوات فەرهاد ناشاد

کام دڵ جە سەنگ بی زەردەی خەدەنگ بۆ

چون فەرهاد سەرش سپەردەی سەنگ بۆ

دوچار بەڵای، کۆس ناحەق بۆ

فەرقش چون فەرهاد وە تێشە شەق بۆ

وات: بە کەنیزان بێ پەردە شەرمێ

با شین فەرهاد گێریم وە گەرمێ

ئەو شەو شیرین شین ڕەستاخێز مەکەرد

نفرین وە بەخت تەخت، شای پەروێز مەکەرد

چون سپیده دەم، غونچەی سوبح خێزا

شیرین چون شیرین تاڵی شەو بێزا

چەنی کەنیزان، دوڕدانەی مەکنوون

تەشریفشان بەرد، وە پای بێستوون

دیش فەرهاد چون شیر زامی خەتەرناک

لە پای بێستوون کەفتەن وە هیلاک

تا دیش زیرنا، لە پشت گوڵگوون

واروو وێنەی گوڵ، وێش کەرد سەرنگوون

وە تاک ڕواڵا، چون غەزاڵەی تاک

وە چاڵاک نیا سەر، فەرهاد وە چاک

وە زایڵەی بەرز، فەرهادش لاوان

والاوان تا سەنگ بێستوون تاوان

شیرین پەی مەڵهەم، شەفای ئێش ئەو

دەم نیا وە دەم زام و ڕێش ئەو

واتش: فیدات بام فەرهاد ناشاد

شیرین مەردە بای، سەرت دا وە باد

شیرین چون شیرین شیرین تەڕ لەقەن

ئاوەردش وە هۆش، فەرهاد کۆکەن

فەرهاد وات: ئۆخەی، شیرین نەمەردم

گیان شیرین فیدای، گیان شیرین کەردم

شیرین وات: فەرهاد پەی چە واکەردی؟

فەرهاد وات: شیرین واتەن، تۆ مەردی

من کە شنەفتم، نام مەرگ تۆ

مەرگم واجب بی، ڕاست بۆ یا درۆ

ئینە شیرینەن جە ڕای دڵداری

ئامان پەی فەرهاد مەکەرۆ زاری

ئانە فەرهادەن گیرۆدەی عەشقەن

پەی ئەهل عاشق، ئینە سەرمەشقەن

هەرکەس چون فەرهاد، عەشقش پیشە بۆ

فەرقش مەبۆ شەق، مەودای تیشە بۆ

عاشق کەسێوەن، نەنیشۆ وە شاد

تا لە ڕای مەتڵەب، سەر نەدۆ وە باد

نموونەی دووەم:

میرزا ئەحمەد لە شیعرێکی دیکەیدا جێ پێی حەوت بەندە بەناوبانگەکەی خانا هەڵدەگرێت کە لە ڕوخساردا تەرجیعبەندە و لە ناوەڕۆکدا موناجاتە. میرزا ئەحمەد نەک هەر وێنە و خەیاڵی شیعری لە خانا وەرگرتووە، بەڵکوو بابەتی فێریشی لێ وەرگرتووە. لەم نموونەی خوارەوەدا میرزا ئەحمەد بابەتی (مسیر) و (مخیر) کرداری مرۆڤ دەهێنێتە ئاراوە و هاوشێوەی خانا دەیەوێت بڵێت خۆم و کردەوەکانم ئافەریدەی بڕیارێکی ئەزەلین:

خانا:

یاحەی ئەر بەدخووم، ئەر پاکیزە خووم

گونای من چێشه؟ ئافەریدەی تووم

ساکه کێشانت بینای باڵا دەست

من هەر سونع تۆم، ئەر خاسم، ئەر پەست

میرزائەحمەد:

ئەورۆ جه عەدەم، دنیات کەرد سرشت

وێت کێشای تەسویر، فەرقەی زیبا و زشت

وات قەرار داگە، له سەر عالەم گشت

گاگا پشت وه زین  گاگا  زین وه پشت

ئەگەر بەدکارم، مانعم تۆوی

چون که جه ئەزەڵ، سانعم تۆوی

خانا

حەیی بێزەواڵ، قەییووم بەرحەق!

نیگرەندەی نقش نۆ تاق ئەزەق!

میرزائەحمەد

یالەقای بەرحەق، دائیم وقەدیم

یانەقاش نەقش ، تاق زەڕو سیم

خانا

عەفووت جای ئۆمید بێگانەو خوێشەن

لوتف دڵنەواز گەداو دەروێشەن

میرزائەحمەد

یاساحێب سام، ڕۆی ئۆمیدوبیم

تۆی فایەق نمای، زەعیف بەرزەخیم

خانا

چون من گونا بار مەینەت بەکۆیی

چون تۆ بەخشەندەی کەرەم بێشۆیی

میرزائەحمەد داواشی

من عەبد عاسی، بارجە گوناهم

بەجۆز زات تۆ، نیەن پەناهم

خانا

جێهانئافەرین، بەخشەندەی ئەکبەر!

خانا بێچارەن فەریاد ڕەسیش کەر!

میرزائەحمەد داواشی

بوویەر جە تەقسیر، کەردەوەی بەدیم

بەشەرەفناکی، ئیسم ئەحمەدیم

**کاریگەریی مەولەوی:**

**مەولەوی تاوگۆزی (١٨٠٦ – ١٨٨٢ز) یەکێکە لە شاعیرانی گەورەی کورد و دوا نوێنەری گەورەی قوتابخانەی شیعری کوردیی گۆرانە. دەستێکی باڵای لە شیعری سۆفیگەریی و پەسنی سروشتدا هەیە. کاریگەریی مەولەوی لەسەر شاعیرانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی گەلێک زۆرە. ئەم کاریگەرییە شیعری میرزا ئەحمەدی داواشیشی**

گرتووەتەوە. میرزا ئەحمەد بەکەڵک وەرگرتن لە شیعری بەزمی شادی یان (نامەی نەوفتینت)ی مەولەوی کە وەسفی زەماوەند و شایی و ئاهەنگگێڕانێک دەکات، کە خۆی لەوێ نەبووە و لە ڕێگەی خاڵۆی کۆماسیەوە ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو زەماوەند و خۆش ڕابواردنەی چەند دۆست و هاوڕێیەکی دەکات، بەبێ حزووری مەولەوی، شیعری (شیم وە توانکەش)ی داناوە. کە دەتوانین بڵێین ئەحمەد داواشی وەک شاگردە جۆلاکە مەکۆی جۆلاکەی بدزێت، مەکۆکەی مەولەوی دزیوە و بە شوێن خۆیدا نایەتەوە ئەو شیعرەی کردووە بە ئاوێنەیەکی سەر تا پێ بۆ وێناکردنی ژیان و پێناسەیەکی فەرهەنگیی کولتووری کوردی کە مشت دەکات بە توێشەوەرەی فەرهەنگ و کولتوور و جوگرافیا و سروشتی کوردستاندا و ناوچەی نیشتەجێبوونی مشت مشت وشەی ڕەنگین و جوان دێ بە دەستیدا و بە ناوی بەشێکی هەرە زۆر و هەرە گرنگ و پڕ بایەخ لە کەژ و کۆ شاخ و داخ کانیاو و تەپ و یاڵ شێوەی نەریت و بەڕێوەبردنی شایی و بگرە خەم و پەژارە شیوەن و خشڵ و سەروسوغڵو جلوبەرگی کوردیی پیاوانە و ژنانەی ئەوسەردەمە کە ئێستاش بەکاردێن و بەشێک لە میراتی فەرهەنگی و فۆلکلۆری ئێمە دێنە هەژمار، هەر کام لەو خشڵ و کەرەستانە کەمیرزائەحمەد باسی دەکاو شێعریان پێ دەڕازێنێتەوە هێمایەکن لە باوەڕی ئایینی هەزاران ساڵەی ملەتی کوردا میرزائەحمەد بەشێوەیەک وەسفی ئەو شایی و زەماوەند و ئاهەنگگێڕانەی توانکەش دەکات، و کەلەپوور و سامانی نەتەوایەتی و داب ونەریتەکان دەست بژار دەکات دەکرێت فیلمی لێ نمایش بکرێت، دەست بژار کردن و ناوهێنان و ئاماژە پێکردنی ئەو هەموو خشڵ کەرەستەو ناوی کانیاو دەشت ودیمەنە سروشت ورەسم ورسوماتە لە شیعری میرزا ئەحمەدی داواشیدا ئاستی شارە زایی ئەو شاعیرە دەگەیەنێت لە جوقرافیاو مێژوو و کەلە پوور و زمان و ئەدەبی میللەتەکەیدا بەگشتی. لە بیرێکی نیشتمان دۆستانەوە نەتەوەییەوە چەند نمونە لەشێعری هەردوو شاعێر لەسەر دوو شایی وزەماوەندی کوردی دوو ناوچەی جیاواز کەلە لایەنی نەریت و جلوبەرگ ورسووماتەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە دەخەینەڕوو.

نمونەی مەولەوی:

دەڵاڵەت جۆشۆ چوون ڕۆی ئازادی

گەرمەی گەرم نەزم بەزم پڕ شادی

میرزائەحمەد:

ئازیز جات خاڵی، نەو ئازادییە

نەو بەزم و تەرەب، شەوق و شادییە

لە تەقەی دەهۆڵ، لە چریکەی ساز

دەنگ زیڵ بەم، سەدای هەی شاواز

مەولەوی:

خەمیاو و چەمیای ناز نیمچە کناچان

دەنگ هەی شاباش نەوجوان واچان

شاباش شادیی شەیدای شاباشان

خاس خاس کزەی سۆز دەروون خاش خاشان

میرزا ئەحمەد:

لفکەی دەسماڵان، گرپەی پووشین بی

زرەی سەر ئاوێز، جرپەی پوتین بی

مەولەوی:

خشە و خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش

عیشوە و نەزاکەت، کریشمەی بێ خەوش

میرزا ئەحمەد:

خپشەی پای شەوبەند، زرنگەی لاسەرە

زرەی مۆرە و گۆ، خرنگەی کەمەر

مەولەوی:

شەوق زەرق و بەرەق فەرقە زەڕکڵاو

ورشه و پرشەی  خۆی کوڵم بۆ گوڵاو

میرزائەحمەد:

شەوق  پێشانی، بریقەی کڵاوزەڕ

قریقەی نازاران، تریقەی  لوولووی تەڕ

مەولەوی:

سەمای دەسماڵان، ڕمای  نەوهاڵان

نەمای  مەلالان، نمای وەش  حاڵان

میرزا ئەحمەد:

دەیدە غەزاڵان، نەوبەر نەمامان

قامەت شمشاڵان، عەرعەر ئەنامان

مەولەوی:

لارەی قەتارەی لاو شەدە لاران

ئیشارەی کەم کەم پەنجە  وشاران

میرزا ئەحمەد:

هەرکەس با کەسی، بەین بەستش بی

جەو دەم بێ پەروا، دەس وە دەستش بی

مەولەوی:

شاخەی شریخەی خشڵ نیمەڕەنگ

فڕەی فۆتەی شۆڕ، پاژنۆی گوڵەنگ چەنگ

میرزا ئەحمەد:

گاز  قولاوان، پایەی کێل گێله

نێش ئەقرەوان، سایەی پاپۆیله

مەولەوی:

وه لیمۆی  ئاڵای کاڵای باڵای  شەنگ

قرچه و  چۆقەی جەرگ، دڵ وه خەمان تەنگ

میرزا ئەحمەد:

خاڵان له شەفاف، شەمیم ئەفزای زوڵف

یەخه و سینه و مەم، نارەزا وه قوڵف

مەولەوی:

شاخەی شۆخ خشڵ سەرسینەی سیم وەنگ

فرەی فۆتەی شۆڕ، پاژنه و گوڵەنگ جەنگ

میزا ئەحمەد:

مەداشان وه هەم، لەرزانه و گوڵەنگ

زۆڵف زنج خاڵ، فەرزانه وه جەنگ

**پێشبینی له شیعری داواشیدا:**

یەکێک لەو بابەته هەستیارانەی میرزا ئەحمەد دەستی بۆ بردووه و  شیعری پێ نووسیوەتەوه، بریتییه له بابەتی پێشبینیی ڕووداوەکانی داهاتوو، که ئەمەش مێژوویەکی دێرینی له هزری ئایینی و ئەدەبیاتی گەلاندا هەیه. ئەدەبیاتی کوردیش خاڵی نییه لەم بابەته. میرزا ئەحمەد لەژێر کاریگەریی عێل بەگی جاف (سەدەی ١٦ز)دا و به هەمان کێش و سەر وا شیعرێکی پێشبینی نووسیوه. ئەمەش ئاستی هزر و هەستیاریی و وردبینی شاعیر دەردەخات له بەرانبەر ڕووداوه مێژووییەکان و چارەنووس و ئاراستەی ئەم ڕووداوانه. هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا میرزا

ئەحمەد داواشی لە ڕێگەی حوجرە و مزگەوت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە باشی ئاگاداری مێژوو بووە و هەروەها ئاگادار و ئاشنای نووسین و شیعری شاعیرانی پێش خۆی بووە. لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا کەمتەرخەم نەبووە و بە پێی تێگەیشتن و هەلومەرجی ژیانی سەردەم لەسەریان تێ فکریوە و هەڵوێستی نواندووە.

ڕوانگە و بۆچوونەکانیانی هێناوە و ئاوێتەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی خوێ کردوون و بە تازەگەرییەوە لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی خوێدا کەڵکی لێ وەرگرتوون. ئەوەی زۆر جێگەی سەرنج و تێ ڕامانی خوێنەرە لە پێشگوییەکانی میرزا ئەحمەددا دوو خاڵی هەرە گرنگە کە هەم لەم پاش مەرگی خودی شاعیر ڕوویان داوە و هەر کامە و بە شێوەیەک کاریگەرییەکی نەرێنییان لەسەر کیانی نەتەوە و نیشتمان و ژیانی خەڵک داناوە نموونە:

میرزئەحمەد دواشی

دەمێ  دەورەی مەڵا ئەوێت

ئێران پڕ لە بەڵا ئەوێت

سەنگەر لەسەر  قەڵا ئەوێت

قەتڵ  بە ناو ئەڵڵا ئەوێت

هەروا بووگە و هەروا ئەوێت

ئاخر ئەمر هەروا ئەوێت

عێل بەگی جاف

ناوی مەڵا بە نەگ دەبێ

دونیا لە  مەڵا تەنگ دەبێ

دی دەی مەڵا زڵمات دەبێ

نەوا بێ عوودوو نەی دەبێ

ایل بیگ جاف چاپ تهران ١٣٨٤

صدیق صفی زادە.

عێل بەگی جاف چاپ تاران ساڵی ١٣٨٤ سدیق سەفی زادە

ئەمە هەر ئەوەیە کە داعش و مەلا و ئایینە توندڕەوەکان لەم دە ساڵەی دواییەدا بەناوی ئەڵڵاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەتایبەتی لە خاکی کوردستاندا کردیان و هەزاران مرۆڤی بێتاوانیان دا بەری شەپۆلی شمشێری بوغز و غەرەز و کینەو نەزانی خۆیان.

میرزا ئەحمەد جگە لە شیعری ئەم شاعیرانە ئاشنا بووە بە بەشێکی هەرە زۆر لە شانامەی کوردی، نامەی سەرەنجام، بگرە ماریفەت و پیری شالیار دەیان هەڵبەست و هۆنراوەی جیاوازی حەماسی عیرفانی و... کە بوونەتە نەخشی چێنراوی تان و پۆی قاڵبی فەرهەنگ و کولتوور و ئەدەبیاتی کوردیان ڕەنگ ڕێژی کردووە، ولە شێعرەکانی میرزئەحمەدیشدا ڕەنگیان داوەتەوە، چەند دەقێک لەوشێعرانەی میرزائەحمەد کە تایبەتن بە وەسف و ستایشی سروشتی نیشتمانەکەی کوردستان و هەر کام لەم دەقانەی بە شێوەیەک وەسفی کوردستانی تێدایە ئیشارە پێەکەین

**میرزا ئەحمەد و شیعری نیشتمانی:**

ناوەڕۆکی هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی و خۆشەویستی دەربڕین بۆ نیشتمان بۆ یە کەم جار لای ئەحمەدی خانی (سەدەی ١٧ز) و لای خانای قوبادی (سەدەی ١٧ز)لای حاجی قادری کۆیی وەکوو قوتابییەکی خانی و قۆناغی دووەم (سەدەی ١٩ز) و لای ئەسیری کەرکووکی نەوەی سێیەمی ئەو قوتابخانەیە (سەدەی ٢٠ز) و دەیان شاعیری دیکەی سەدەی بیست، شکڵ و شێوەی خۆی لە شیعری کوردیدا وەرگرت. چەندین شاعیر و نووسەری نەتەوەیی دیکە وەک سەرەتایەکی سەرهەڵدانی بیر و هەڵوێستی نیشتمانی و کیانی نەتەوەیی دەرکەوتوون و دەناسرێن کە بەدڵنیاییەوە میرزا ئەحمەد داواشی ئاگاداری کارەکانیان بووە و خۆشی بە چەند دەقێکی بەرز دەچێتە ڕیزی ئەو شاعیرانەوە.

نموونە ئەم دەقە شیعرییەی کە ستایشە و شێواز و ناوەڕۆکی ئایینی لەخۆگرتووە و تێکەڵ بە بیر و هەڵوێستی نیشتمانیی کردووە. چونکە لە تێکڕای هۆنراوەی وەسفی سروشتییەکانیدا دیمەنی تایبەتی و ناوی جێگە و چیا و ڕووبار و گوڵی بە هۆنراوە بۆ مێژووی بیر و هۆشی نەوەی دواڕۆژ بە یادگار هێشتووەتەوە:

شەماڵ وە جایە، شەماڵ وە جایە

شەماڵ مەکیانووت، بشۆ وە جایە

چون ئەوجا نییە، لە هیچ جا جایە

نیەنش بەغتیر، سومبڵ گیایە

عوزر ناوەری نەواچی شەوە

تا مەشی وە سەر، قولەی سەرکەوە

نەوعی بۆ یاری، وە گەڕاوەدا

هەراسان نەکەیت، کەس  لە خاوەدا

شەماڵ بۆعەرزم، بکەرە قەبووڵ

بشۆ وە تەواف بارگای شێخ ڕەسووڵ

خاک بارگانەش، وە چەم بماڵە

لاڵە و پاڵە کەر، وە دڵ بناڵە

هەمەت خواهی کەر باڵ دەر دووبارە

تا مەشی وە کۆی، پشت شوانکارە

ڕاستە کوورە ڕاو، سەخت و سەر وە کۆن

کەی شایستەی شەست، پەڕ و باڵ تۆن

مەشی وە جایە سەحرای خوتەن تەرز

سەبز و خۆڕەم و دڵنشین و بەرز

خاکش عەتیقەن ئەشیای قەدیمەن

هەر گۆشەی بدەیەی هەر زەڕ و سیمەن

لە پای دامانش، سەراوێ دارۆ

شەماڵ مەویاری، مەوینیش ئارۆ

باغە باغاتەن، گوڵزارەن گوڵەن

زوان قاسرەن، وەسفش موشکڵەن

وە تەنیا بشۆ، وە کانی کەڵەک

بدیە وە کەڵک چێش کەردەن فڵەک

پلوور و تەخت و تاجش بوێنە

یافەرز یا سوننەت، نوێژێ بخوێنە

وەکانی گەشکی، خاترت جەم کەر

تماشای هەوار، سەردار ئەکرەم کەر

ئەو وەخت وێت بدەر، وەبەند بازان

مینگەی هەوارگەی نازەنین نازان

سرشتەی  قودرەت، لەقای باریەن

هەرچەشمەش نەوعێ، ئاوش جاری یەن

مەدارت نەبۆ، ئەر ڕۆ بۆ ئەرشەو

تامەشی وەسەر، کۆی کانی خەسرەو

بۆکەرە خاکش، چەند موعەتەرەن

ئاوش ئامێتەی، زوڵف دڵبەرەن

سیمای مەنزەری، بەرزش عالی یەن

جای بەزم خەسرەوخان والی یەن

کۆیلەو ماکۆان، وە ئاتەشگاوە

بدیە وبگێڵە و بۆرێ دماوە

له شیعرەکانیدا خاڵێک لە خاکی نیشتمان بەجێ ناهێڵێت ئەوەی کەژ و کەمەر و کاج و شاخ و داخ کانیاو و باغ و چەم ڕووبار و سەرئاو و هەوار و بێلوگە و ئەشکەوت شەوگە و، نەزەر کردو سەیرانگا و جێگەی مێژوویی ناوچە کوردەوارییەکانی دەهێنێتەوە شیعرە دەسوێنێکی هەزار هەزاری پێ دەهۆنێتەوە. خەیاڵی هەر خوێنەرێکی پێ گرێ دەدا بە جوانیی کوردستانەوە. ئەم شێعرانە کە میرزائەحمەد بەناوی شەماڵەوە گوتوویەتی جگە لە دەرخستنی جوانی تایبەتی سروشتی کوردستان کە سروشتێکی بێ وێنەیە لە ئاستی دنیادا لەڕوانگەی جوقرافیایی دا نرخ وبایەخێکی زۆریان هەیە بەم جۆرە کە زۆربەی ناووە قەدیمەکانی ئەم مەحاڵانە کە لەسەر زاروزوانی خەڵکی خۆجێیی ناوچکە بەگشتی بوو وەک جوتیار ئاژەڵ دارو گەرمیان وکێوسان کەران کەئیستە بەهۆی گۆڕانی ژیان خەڵک تێکدانی ناوچکەکان بە هۆی درووسکردنی بەنداوو کارخانەو کارگەی بەرهەم هێنەرەکانەوەو دابڕانی نەوەی نوێ لە سروشت ژیانی سنعەتی ڕوو بە لەبیرکان دەچن و بەڵام میرزائەحمەد؟بەشێوەیەکی مەکتوب زیندوویەتی پێ بەخشیون بۆ هەتاهەتایە ئەوناوانە دەمێنەوەو لەبیرناچنەوە لەمێژووی نەتەوەیدا، نموونەی ناوەکانی میرحەمزەی عەرەو، زاخەو مادمسان ،کۆی نەقارەخان قەڵای چەنگیز خان ،قزڵ قەڵا، لەشاری جوانڕۆ کەئیستە هەموویان بەوناوانە نەماون بوونەتە شارەک هەرکامەو بە کۆو کوچەیەکەوە دەناسرێن، قەرەچیمەن، قەرەچەم، حەسارسفید،کێفە وزێران ،مەنمی وگوڵباغی، هەوەتوو،ساراڵ،سەقز،بووکان،بانە، باشماغ تاو هەنێمن لە هەورامانی ژاوەرۆ زرێبار زەڕنە لەگوندی چرۆسانەو،زیوێی کامێران بەنیگەز ناراو دەشتی وەڕ مۆردەزناو گولیجی، هەرمێیی بەردە چەرموو تەنگی لۆن مای خۆرەتاو نووری وەیسوەگ کە لە شاهۆیە و بە قسەی زارەکی شمشاڵیان تێ هاویشتووە لە سەراوی گەرمەخانی ڕوانسەر هاتووەتە دەشت، هەروەها سیروان، پاوە، خانەگا، پیرخدر، کۆی قەزاڵە ئەڵک ماراو، سیانزەوەدەری پارکی تاقۆسان کە کۆنترین سەیرانگایەی شیرین بووە، هەر هەمووی بوونەتە کەرەستەی شیعرەکانی:

چون شاهین وەشین، سەید کۆڕکۆڕدا

باڵێ بشانە وە دەشتی وڕدا

یا:

سەرچی وە نشور، چەنی تاو دۆڵاو

چاڵی و چەرگا مەوێنی وە چاو

زڕنەزەڕینە ڕەز لێش مەوارۆ

چون یەک وەجەب خاک بێ ئاو نەدارۆ

فەرامۆش نەبۆ، دەسم وە دامان

نەهار لە تێژ تێژ شام لە ئارەنان

کەواتە هەموو دیمەن و تابلۆ ڕەنگینەکانی کە نیشتمانی داواش یە لە دێڕ بە دێڕی شیعرەکانیدا ئامادەن و هەموویان دیمەنی ڕاستەقینەن، کە کاریگەریان کردووەتە سەر خوێنەر. چونکە هەر هەموویان بیر و کیانێکی نیشمانپەروانەیە و کاریگەرییان کردووتە مێشک و دڵی دەروونی خوێنەری شیعرەکانی.

کوردستان و جوگرافیا و سروشتەکەی بوونەتە ناوەڕۆکی جیاجیای وەسفی و دڵداری و کۆمەڵایەتی و هەروەها بابەتی نیشتمانی و گیانی نیشتمانپەروەری و نەتەوە پەروەرییان تێدا باڵایە. بەڵگەمان بۆن و بەرامەی خۆشەویستی و سۆزی نیشتمانیان پێوە دیارە. کوردستان کوێستان و گەرمیان و سروشت و ژینگەی بوونەتە موتیڤی چەندین دەقی شیعری لە داواشیدا. بوونەتە هێما و لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە وەک هەموو ئەو دەقانە تایبەتن بە وەسف و ستایشی سروشتی نیشتمان و کوردستان. بە قووڵی تەماشاکردن لە کوردستان لای شاعیر کارێکی زۆر پیرۆزە هەڵوێستێکی نیشتمانپەروەرانەیە گیانێکی نەمرانەیە چونکە هەرچی نەخشەی سروشتە لە هۆنراوەکانیدا کوردستانین یادێک لە بزووتنەوە و حوکمڕانییەکەی ئەردەڵان و سەردار ڕەشید و یادێک لە شێخانی نەقشبەندی و گەورەکانی کوردستان و ناوچەی نیشتەجێبوونی دەکات. بێ گومان ئەو ڕووداوانە ئەو کەسایەتییانە کاریگەری و نەخشی خۆیان لای میرزا ئەحمەد بەجێ هێشتووە.

ئاکام:

شیعری کلاسیک هەر وەک ڕەوتی گەشە سەدەی کۆمەڵگاکان لەم ٤٠٠ ساڵەیدا ڕەوتێکی بەرەو پێش چوون بووە و لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دا قوناغێکی نوێ بە خۆیەوە بینیوە و لە سەر زۆربەی شاعیرانی نوێ گەرا کاریگەری داناوە،هەروا کە لە سەر تاوە ئیشارەتی پێ کراوە شاعیرە کۆنەکانی کورد،وەکوو شاعیرانی هەموو نەتەوەیەکی تر،لە هەڵبەستەکانیاندا بە زۆری پەیڕەوەی شیعری شاعیرەکانی بەر لە خۆیانیان کردووە میرزا ئەحمەد داواشی وەک یەکێک لەو شاعیرانە کە بەدوا بەرەی ئەزموونی ئەدەبی گۆران و سەرەتای ئەزموونی ئەدەبی سۆران و بە پەیڕەو کردن و کەڵک وەرگرتن لە شاعیرانی پێش خۆی وەک ئەحمەدی خانی سەدەی حەڤدەیەم، خانای قوبادی سەرەتای سەدەی هەژدەیەم و مەولەوی تاگۆزی سەدەی نۆزدەیەم و حاجی قادری کۆیی نۆزدەیەم بە زمان و شێوازی دەربڕین و شیعری تایبەت بە خۆی شیعری هۆنیوەتەوە، میرزا ئەحمەد داواشی بە زمانی گۆرانی شیعری بۆ نیشتمان گوتووە و خۆشەویستی بۆ دەربڕیوە چەند شیعرێکی گوزارشت لەو ناوەڕۆکە دەکات ناوەڕۆک و هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی، میرزا ئەحمەد داواشی وەفادار و دڵسۆزی نیشتمانەکەی بووە زۆر

بە کەمی باسی خۆی دەکات بەڵکوو باسی سروشت جوگرافیا و جوانی وڵات و سەرجەم خۆشی و ناخۆشی و ناکۆکی و چەوسانەوە و چینایەتییەکان و دەرد و واقیعی کۆمەڵگاکەی دەکات، لەبەرامبەر هەموو کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگادا لەو سەر دەمەدا هەڵوێستی نواندووە شیعری ناڕەزایەتی دەربڕیوە و بە نیسبەت هەموو فەرهەنگی خۆجێی کەلەپووری ناوچەکە کەمتەرخەم نەبووە،

**سەرچاوە کان**


١-دیوان میرزا ئەحمەدی داواشی ل: ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٠٨،٠ ٣٨١ و ٣٨٢. ٤٤٦،٤٤٥،٤٤٤،١٩٢،١٩١،

٢-کتێبی مەولەوی ناسی ل: ٣٦٢، ٣٦٣، ٣٦٤. ٣٣٩،٣٤،٣٤١،٣٤٣،٣٤٤

٣-سەرجەمی بەرهەمەکانی محەمەد ڕەسووڵ هاوار بەرگی چوارەم. ئامادە کردنی: ڕەفیق ساڵح سلێمانی ٢٠٠٨، ل: ١٠٦، ١٦٨، ١٦٩.

٤-دیوانی خانای قوبادی، ل: ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٧، ٣٩٥، ٣٩٩، ٤٠٠.

٥-لەدایکبوونی نەتەوەیەک، فەرهاد پیرباڵ، ل: ٢٣.

مێژووی شەڕی پارسەکان  نووسەر هێرۆدۆت وەرگێڕان عەلەی فەتحێ چاپ نشر

کوردو کوردستان ئەمین زەکی ەگ چاپ ئایدین سال ١٣٧٨

مێژووی نژادی کورد ئحسان نووری پاشا چاپ نشر ١٣٦١

ڕەنگاڵەکان عدولڕەحمان قادرغەفوور سلێمانی ٢٠٠٢٣

دیوانی ئەحمەد موختاری جاف پێداچوونەوەو ئامادە کردنی کەروان عوسمان خەیات

دیوانی پیرەمێرد نووسینی موحمەد ڕەسوو هاوار

دیوانی خانای قوبادی کۆکردنەوەی کاروان عوسمان خەیات